**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٤

## ١٩٩٢ ـ بەرگی چوارەم

---

چاپی یەکەم ١٩٩٨

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٩) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/١٠ ــــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٠) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/١١ ــــــ ل٢٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥١) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/١٢ ــــــ ل٥٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٢) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢١ ــــــ ل٩٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٣) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٢ ــــــ ل١١٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٤) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٣ ــــــ ل١٣٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٥) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٤ ــــــ ل١٦٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٦) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٦ ــــــ ل١٩٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٧) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٨ ــــــ ل٢١١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٨) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٩ ــــــ ل٢٦٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٩) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/١ ــــــ ل٣١٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٠) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٧ ــــــ ل٣٢٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦١) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٨ ــــــ ل٣٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٢) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٩ ــــــ ل٤٢٣

ئێمەشی گرتۆتەوە، هەموو سەرتاسەری جیهانیشی گرتۆتەوە و، ئەو زەمانە نەماوە کە دەوڵەتە دراوسێکمان بێن یاری بە موقەدداراتی میللەتەکەمان بکەن، میللەتی ئێمەش وکۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان هیچ کاتێک نەگەیشتۆتە ئەوەی کە بڕیارێک بدات و بڵێت پێشێل کردنی مافی مرۆڤ کاری ناوخۆ نییە، لە بڕیارەکانی ژمارە (٦٨٨) نیسانی ١٩٩١ هاتووە کە بە حەق ناونراوە بڕیاری کورد، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بابەتە زۆر بە تێروتەسەلی باس کرا، ڕێککەوتن هەیە لەسەر ئەوەی کە لیژنەیەک پێک بێت لەسەر ئەو بابەتانەی کە بەڕێزتان باستان کرد و، شتێکی پوختەمان پێشکەش بکەن.

**بەڕێز د.کمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەوە دەنگدانی لەسەر ناوێ ئیشەکە ئێمە بەرەورووی لیژنەی دەرەوەی ئەکەین و ئەڵێین: کێ دێن بۆ ئەم لیژنەیە بێن و ئیتر دەنگدانی بۆ□چییە!.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە کرا و لەسەر ئەو زیادانەی کە خرایە سەر لیژنەی پەیوەندییەکان شتێک ئامادە بکەن و، پێشکەشی پەرلەمانی بکەن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆماندا یاسای فێرکردنی باڵایە، کەچی تا ئێستا یاساکە بە سەر ئەندامانداندا دابەش نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای وەزارەتی داراییدا.

ئەوەی کە ئێستا دەیخوێنمەوە ڕای یەکێکە لە ئەندامانی لیژنەی ئابووری و ڕای وەزارەتیشە و، لە پرۆژەی یاساکەدا هاتووە:

المادة الثانية: تهدف الوزارة الى وضع الاسس العامة لادارة وتنظيم الموارد المالية والاقتصادية ومراقبة سلامة التصرف بها وتحقيق الاستخدام الامثل لها ووضع الموازنة العامة للاقليم وتنفيذ البرامج التفصيلية للتجارة الخارجية والداخلية ودعم السلع الاساسية للمجتمع وتنظيم القطاع الخاص والمختلط لتشجيع المدخرات الوطنية والاستثمارات الاجنبية ضمن اطار السياسة المالية والاقتصادية وخطط التنمية للاقليم.

ئەوەی کە لە پێشنیارەکەی بەڕێز د.فازڵدا هاتووە دەڵێ: (تهدف الوزارة الى وضع الاسس العامة لادارة وتنظيم الموارد المالية والاقتصادية في الاقليم ومراقبة سلامة التصرف بها لتحقيق

الاستخدام الامثل لها اضافة الى ووضع تخطيط البرامج التفصيلية للتجارة الخارجية والداخلية للاقليم ودعم القطاع الخاص والمختلط وتشجيع المدخرات الوطنية والاستثمارات الاجنبية وتيسير امورها) لەگەڵ مەسەلەی موازنەش کە لە دەسەڵاتی وەزارەتدایە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو مادەیە لەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەی یاسا، بەڵام چۆن بەڕێز کاک ئەیاد وتی ئەمە رای تەنها د.فازڵە: لیژنەی دارایی و ئابووری لەگەڵ پێشنیارەکەی د.فازڵیش بۆ دوو مادەیە، مادەی دووەم کە بەم شێوەیەیە: (تهدف الوزارة الى وضع الاسس العامة... لادارة ضمن اطار السياسة المالية والاقتصادية وخطط التنمية للاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت دوێنێ لێرە نەبووی د.فازڵ لەگەڵ لیژنەی یاسا کۆبوونەوە و ئەو پێشنیارەی کرد، دوێنێ باس کرا لە میانی ئامانجەکانی وەزارەتی داراییدایە و لێرە نەهاتووە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە، ئایا کوردستان توانای(دعم السلع)ی هەیە؟ بەتایبەتی کە باری گوزەرانی کوردستان ئێستا ئەوەندە خراپە و لە ناخۆشترین باردۆخداین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لەم بارودۆخەدا حکومەتی کوردستان توانای (دعم السلع)ی نییە، بەڵام رەنگە پاش چەند ساڵێکی تر باروگوزەرانی کوردستان باشتر بێت و بتوانێت(دعم السلع)بکەین.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو مادەیەی لەلایەن لیژنەی ئابووریەوە پێشنیار کراوە، بخرێتە جێگای ئەو مادەیەی کە لەلایەن وەزارەتی دارایی وئابووریەوە پێشنیار کرابوو؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە ئەم خاڵە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی (٣) بریتییە لە (١٠) خاڵ، کەچی زنجیرەی خاڵەکان بە ڕێکوپێکی دانەنراون، بۆ نموونە لە یەکەم وەزیرە، دەبوایە (مكتب الوزير) لەدوای ئەو بێت کەچی ئەوان لە خاڵی پێنجەم دایان ناوە ئێمە لەدوای وەزیر باسی (مكتب الوزير)مان کردووە و ئەو بەڕێوەبرایەتیانەی کە وەزیر سەرپەرشتی دەکات، دوایی بریکاری وەزارەت و مەکتەبی وەزیرمان هێناوەتە شوێنی خۆی هیچ گۆڕانکارییەکمان تێدا نەکردووە، تەنیا شتەکەمان بردۆتەوە جێگەی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة الثالثة : فقرة (١)

اولا : الوزير هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه اعمالها .

ئێمە ممارەسەمان لە دەقەکەدا هەڵوەشاندەوە، چونکە پێویست نییە.

والانصراف والوقاية على نشاطاتها . وتصدر عنه القرارات والاوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهمات الوزارة وتشكليلاتها وسائر شؤونها الادارية والتنظيمية ضمن احكام القوانين والانظمة والتعليمات النافذة ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض صلاحياته الى الوكيل او المدراء العامين او من يراه مناسبا، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگەیەی (١) لەمادەی (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە تەنها فعاليات بکرێ بە (نشاطات)؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بڕگەی(٢) لە مادەی (٣)دا پاش پێناسەی وەزیر مەکتەبی وەزیر دێت، هەر ئەوەیە کە لە پێشنیارەکەی وەزارەتدایە(مكتب الوزير يرأسه موظف حامل شهادة جامعية يتولي مهامه الموكلة اليه من قبل الوزير ويكون مسؤولا عن تنظيم السجلات والمراسلات الخاصة بالوزير ويعاونه عدد من الموظفين)، سوپاس.

**بەڕێز جـــەمـــیـــل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر بڵێین: مكتب الوزير:(مكتب الوزير يرأسه موظف حامل شهادة اولية جامعية ويعاونه مجموعة من الموظفين)جا ئەگەر ئەم دەستەواژەیە دانەین لە جێگای دەستەواژەکەی پێشوو، چونکە ئەگەر پێویست بوو دەتوانێت فەرمانبەریتر لەلای خۆی دابنێت، ئەگەر پێویستیش نەبوو هیچ کەس دانانێ، بەڵام ئەگەر لە یاساکەدا نووسیمان ئەوە پێویستە هەر دایبنێ چونکە لە یاساکەدا وا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنـــــسۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من لە وەزارەتەکانی تریش دەمویست ئەو قسەیە بکەم، زۆر کەس هەنە خوا غەزەبی لێ گرتوون نەیانتوانیوە کۆلیژ تەواو بکەن (٢٠-٣٠) ساڵە لەناو شۆڕشدان و پسپۆڕی و شارەزاییان زۆر لە خاوەن بەڵگەنامەکان زیاترە، من نازانم بۆ ئەوان نەکرێنە وەزیر وپایەدار، ئەوانەی کە بەڵگەنامەی شۆڕشیان هەیە من پێم وایە هەندێ زیاتر چاودێری بکرێن، سوپاس.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە قارەمان بوون لە شۆڕشدا ڕێزی خۆیان هەیە، ئەگەر نەتوانێ سەرۆکی مەکتەبی وەزیرێک بێت ئەوە لە قیمەتی کەم ناکاتەوە، ئەوانەی کە شۆڕشگێڕ بوونە لە ناو حزبەکەی خۆیاندا جێگا و پلە وڕێزی تایبەتی خۆیان هەیە و هیچ پێویستیەکیان بە پلە وپایەی ئیداری نییە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم چەند قارەمانێک نییە، بەڵکو مەبەستم چەند خوێندەوارێکە کە ڕاگەیاندنی حزبەکانیان بەڕێوە بردووە ئەو کەسە بەرپرسی ئیدارەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی بێ ئیشەکانی زۆر بەرێکوپێکی و لە بارێکی ناخۆشدا بتوانێت بەڕێوە ببات و خاوەن شهادەش نەبێت، بۆ ناتوانێ ئیشوکاری مەکتەبی وەزیرێک بەڕیوەبەرێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕای من لە (ویرأسە موظف بدرجە المدیر)بەڵگەنامەکەی پێویست نییە پێناسە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ئەوە بە کەموکووڕیی ئەزانم، خۆمان وەکو پەرلەمان ئەو مەسەلەیەی بەڵگەنامەی زانکۆمان کرد بە خاڵێکی نیزامی، ڕاستە بە درێژی خەباتی تێکۆشانمان شۆڕش مەکتەبی ئیدارەی کۆمەڵایەتی و عەسکەری و هەموو شتێک بووە، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فازڵ محەمەد عەزیز قەفتان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕای من ئەگەر وشەی (یفضل)ی بۆ زیاد بکەین، کیشەکەمان چارەسەر ئەکات، بڵێین: (یفضل ان یرأسە موظف یحمل شهادة جامعیة)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ئەڵێم با جەخت لەسەر لێهاتوویی وتوانا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان لە پرۆژەکەی وەزارەتدا هاتووە و، خەڵکانی شۆڕشگێڕ شایستەی مەکتەبی وەزیر نیین، بەڵکو شایستەی وەزیرین و، بەڵگەش هەیە کە وەزیر هەیە بەڵگەنامەی نییە، بەڵکو بەهۆی سیاسییەوە کراوەتە وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا بڕگەی مەکتەبی وەزیر خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە .. کێ لەگەڵ ئەوەدایەکە بڵێین (مدیر ذو کفاءة وخبرة) ؟..دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ(مدير ذو كفاءة والخبرة)پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگەی (٣) (بنک اقلیم کوردستان) بە رای وەزیری دارایی بەڕێزیش ئەو ناوە بگۆڕێ و ئێمەش بەپێی رایەکەی بەڕێزیان کردمان بە (فرع البنك المركزي في الاقليم ويرتبط مباشرة بالوزير ويقوم برسم السياسة التقلدية والصرفية والاشراف على بنوك الاقليم ومكاتب شركات التأمين من الناحيتين الفنية والادرارية ويرأسه موظف بدرجة مدير عام)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئایا لە هیچ ولاتێک هەیە بەنکی مەرکەزی پێی بلێین (بنک البنوک) خۆی سەرپەرشتی بانکەکان دەکات، وابزانم هیچ پەیوەندییەکی بەشەریکاتی تأمینەوە نییە، بەنکی مەرکەزی بەنکی پارەیە سەرپەرشتی بانکەکانی تر دەکات و، ئیداعاتی یاسای وەرئەگری لەو ئیداعاتانە لای خۆی دائەنێ و کونترۆلی سیاسەتی نەقدی ئەکات.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەسەر ئەو خاڵە لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی قسەمان کرد وتمان کۆمپانیایی تەئمین پەیوەندیی بە بانکی مرکزیەوە نیبیە، بەڕێزی وتی هەموو کۆمپانیاکانی تەئمین بەسترابوون ، یا بە موسڵ، یا بە کەرکوک، بەڵام ئێستا پەیوەندیمان لەگەڵیاندا نەماوە چ لە لایەنی ئیدارییەوە وچ لەلایەنی هونەرییەوە و، پێویستە بانک رێکخستنی ئیداری وهونەریی رێک بخات، ئەوە رای وەزارەتە لەم بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێموایە ئەو پرۆژەیەی کە لەلایەن لیژنەی داراییەوە پێشکەش کراوە کافیە، چونکە ئێمە دەسەڵاتی مەرکەزمان داوە بە خۆمان، ئەوکاتەی کە پێویست بوو ئۆتۆماتیکی پێوەی دەبەسترێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە (البنك المركزي): يرتبط مباشرة ويقوم برسم السياسة النقدية

والاشراف والرقابة على البنوك في الاقليم؟ تكايە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرزکرايەوە..
کێ لەدژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مکتب التخطيط والمتابعه) کە شەشەم خاڵە لە پرۆژەی وەزارەتدا: (يرأسە موظف بدرجة مدير ويحمل شهادة جامعية ويرتبط بالوزير مباشرة). رای لیژنەی یاسا ئەوەیە کە ئەو مەکتەبە ببەسترێتەوە بە مديريەی ديوانی عام وەکو ئەوەی کە لە وەزارەتەکانی تریش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم دەقە یاسایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی بە ناوی مەکتەب هاتووە نەک (المديرية العامة)، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لە رای لیژنەی یاسا دەکەین، بەڵام سەبارەت بە نەخشەدانان (تخطيط) دەبێ پسپۆڕی بێت و بەڵگەنامەی زانکۆیشی هەبێت، چونکە ئەمە جیاوازی هەیە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی تری، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو تێبینییەی لیژنەی دارایی راستە، نەخشەدانان شتێکی زۆر زیندووە بە لایەنی کەمەوە دەبێت بەڵگەنامەی زانکۆی هەبێت، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرايەوە..کێ لە دژە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فقرە «٤» (وكيل الوزاره) ئەم دەقەی کە لە لەم یاسایەدا هاتووە، هەمان دەقە کە لە یاسای وەزارەتەکانی تریشدا هاتووە، هەرچەندە ئەم دەقەش هەڵەیە، چونکە ئەڵێت:(وكيل الوزارة التي..) ئێمەش ئەم دەقە بە گونجاو تر دادەنێین کەوا بڵێین:(يكون مسؤولا امام الوزير تنفيذ سياسة الوزارة فيما يتعلق .. التي يخولها اليه الوزير)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لە گەڵ ئەوەدایە کە برگەی (٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرايەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

(سادسا : مكتب وكيل الوزارة : مديرية رقابة السوق : يرأسه موظف يحمل شهادة اولية جامعية ويتولي المهام التي تناط به من قبل الوكيل الوزير).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

فقرة (٧) : الحاسبة الالكترونية : يرأسها موظف بدرجة مدير يحمل شهادة اوليه جامعية ويرتبط مباشرة بوكيل الوزارة.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگەی(٧) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فقرة (٨) : مديرية رقابة السوق : يرأسه موظف بدرجة مدير ويحمل شهادة اولية جامعية ويرتبط بوكيل الوزارة مباشرة.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مديريه رقابه السوق: المديريه العامه للتجاره.. ئیشی بازرگانی ناوەوە و دەرەوەی هەیە و، چاودێری بازاڕەکان دەکات، لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانین کەچاودێری بازاڕ بمێنێ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بازرگانی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پێشنیاری لیژنەی دارایی بوو کە لەگەڵ بازرگانی ناوەوە و دەرەوە بەیەکەوە بێت.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مديرية تجارة عامة) (٣)مدیریەتە (مدیریەی داخلیه، مديريه تجاره خارجيه، مديريه رقابه السوق) ئێمەش دەڵێین وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە چاودێری بەشێکە لە ئەرکەکانی بازرگانی ناوەوە و بازرگانی دەرەوە و، هەروەکو پێشوو بەڕێوەبەرایەتی چاودێری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی گشتیی بێت، سوپاس.

**بەڕێز لیوا كـەمـال مـفـتی/ وەزیری پێشمـەرگـە:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

من پشتگیری لە رای لیژنەی دارایی وئابووریی دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

كێ لەگەڵ پێشنیـارەكەی لـیژنەی داراییـدایە؟ با دەست بەرزكـاتەوە..دەست بەرزكـرایەوە.. كێ دژە؟ كەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

لە شەشەم پێشنیـاری وەزارەتدا هاتووە و، یەكسەر تەشكیلەكەی باس كردووە و، ئێمە لێرە بە پەسندمـان زانـی یەكـەم جـار تەشكیلەكـان لە برگـەی (أ) دابنێین و لە (ب)ش مـەجلس روون بكرێتەوە.

ئەوە برگەیە دەبێتە (أ ـ ب)، (أ)یش چەند برگەیەكی تێدایە تێدایە و دەخوێنمەوە.. تاسعا: المجلس:

أ ـ يشكل في الوزارة مجلس استشاري برئاسة الوزير ويضم في عضويته كل من:

١ـ الوزير: رئيسا للمجلس.

٢ـ وكيل الوزارة: نائبا للرئيس.

٣ـ المدراء العامون في الوزارة : اعضاء.

٤ـ مدير التخطيط والمتابعة مقررا.

٥ـ اي خبير او اختصاصي داخل الوزارة او خارجها من يرتأى الوزير الاستعانة به بصورة دائمية او مؤقتة.

ب ـ يتولى المجلس مناقشة الخطة العامة للوزارة.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

دەقی ئەو پرۆژانەی كـە لە لای ئەندامـە بەڕێزەكـانە سێ دەقی جـیـاوازە و، هەر سـێكـیـشی لە وەزارەتی داراییەوە هاتووە، پێشنیـار دەكەم كەوا وەزارەتی دارایی دەقێكی تەواوی خۆیانمان بۆ رەوانە كەن ، تاوەكو هەموومان لەسەری رێككەوین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

ب ـ يتولى المجلس مناقشة الخطة العامة للوزارة واقرارها ومتابعة تنفيذها واقتراح السياسة المالية للوزارة ومناقشة التقارير الدورية عن الوزارة التي تعدها المديرية العامة للتخطيط والمتابعة ودراسة المعوقات التي تعترض مسيرة اعمال الوزارة واقتراح الحلول العلمية لها ودراسة المشروعات القوانين والانظمة والتعليمات المتعلقة باعمال الوزارة و(ابداء الرأي في

كل ما يعرضه الوزير من قضايا).. لەجیاتی ئەو رستەی کە لە ناو کەوانەدایە دەبێتە: (ابداء الرأي في كل ما يعرضه الوزير من قضايا وبيان الرأي فيها)، لێرە وشەی (دراسة) هەڵگیراوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە پرسیارێک هەیە ئایا پاش ئەوەی کە یەکەم دەڵێ:( تشكيل الوزارة المجلس الاستشاري)، لامان وایە (برئاسه الوزير) باشترە لەوەی و(يظم عضوية الوزير) ئەوناحیە یەکەم ناحیەی دووەم، لەو هەموو بەڕێوەبەرە گشتییانە و بەڕێوەبەری بانکی ناوەندیی شتێکی زۆر گرنگە کە لێپرسراوی بانکی ناوەندیی لە پرۆژە کۆنەکەدا ئەندام بێت لەو لیژنە ئیستشاریە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ڕەامان لەگەڵ ڕای جەنابتانە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال مفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادەی (٥)دا پسپۆڕی ئەوەش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە؟ .. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

فقرة (١٠) المديريات العامة وتتكون من المديريات العامة التالية. کە لە دەقی پرۆژەکەدا نەهاتووە.

(١ـ مديرية المالية العامة): ویستمان ئەوەش روون بکەین لە کاتەی (مديريه الماليه العامه) لە پرۆژەی وەزارەتدا بە وردی باسی لێوە کراوە، لە هەمان کاتیشدا بەڕێوەبەرایەتییەکانی تری هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر نەدرواوە، بەڵام ئەو ڕوونکردنەوەی کە لێرە هاتووە لامان داوە و پێشنیارە تازەکە دامان نەناوە، ئەو مەسەلەیەش بە سیستەمێکی تایبەتی دێت کە ئەنجوومەنی وەزیران دەری دەکات.

فقرة (١٠) المديريات العامة وتتكون من المديريات العامة التالية:

١ـ مديرية المالية العامة وترتبط بها:

أـ مديرية الموازنة. ب ـ مديرية المحاسبة.

ج ـ مديرية العلاقات والخدمة. دـ مديرية المصروفات والامور المالية.

٢ـ مديرية الواردات العامة وترتبط بها:

أـ مديرية الضرائب.

ب ـ مديرية الكمارك.

ج - مديرية الاملاك.

٣- مديرية التجارة العامة وترتبط بها:

أ- مديرية التجارة الداخلية.

ب - مديرية التجارة الخارجية.

ج - مديرية رقابة السوق.

٤- مديرية الديوان العامة وترتبط بها:

أ- مديرية الشؤون القانونية.

ب - مديرية الادارة وشؤون الافراد.

ج - مديرية الحسابات والتدقيق.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانەوە لیژنەی ئێمەپێشنیار دەکات: تقترح اللجنة: دمج مديرية المالية العامة بمديرية عامة واحدة باسم المديرية المالية والارادات العامة وذلك للتأكيد من الوقوف على الواردات الصرفيات معا ولتقليص عدد المدراء، ئەمە یەکەم.

٢- مديرياتة الاداراة العامة: مكاتب التأمين تكون شركة التأمين ويرأسها مدير وترتبط بها مكاتب التأمين.

٣- بۆ نووسینگەی نەخشەدانانیش رای لیژنەی یاسایی کە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەو یاسایی باسی ئەوەی نەکرد، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەک لەسەر بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی هەیە لە میلاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان و، وای بۆ دەچێت کە ئەو(مديرية العامة) هەر بۆ وەزارەتی دارایی نییە، بەڵکو بۆ هەموو هەرێمی کوردستانە لەبەرئەوە بەڕێوەبەرایەتییەکی وا بەڕێوەی ببات، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کۆمپانیای تەئمین، پێویستە کەسایەتییەکی سەربەخۆی مەعنەوی خۆی هەبێت و دەبێت کۆمپانیایەکی تایبەتیی بێت، لەبەر ئەوەی مافێکی زۆری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە کۆمپانیای تەئمین کەسایەتییەکی سەربەخۆی مەعنەویە، بەڵام نووسینگەیەکی زۆری

دەوێت لە هەرێمی کوردستاندا و، ئەویش کۆمپانیایەکی ئەهلی نییە و، لە وەزارەتی داراییەوە وەری ئەگرین، سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم یاسایەی کە بۆ ئەو حاڵەتە شازەی جەنابتان باسی دەکەن کۆمپانیایی تەمین کۆمپانیایەکی سەربەخۆیە، یانی بە پێی یاسا و پێڕەو خۆی ئیدارە و لیژانی خۆی هەیە لەبەر ئەوە پەیوەندیی شتێکی زاتی نییە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆمپانیای تەئمین سەربەخۆن، بەڵام دەبنە بەشێک لە وەزارەتی دارایی هەرچەندە کەسایەتییەکی مەعنەویان هەیە، بەڵام سەربەخۆیی لە میانی تەشکیلاتی وەزارەتی دارایی عێراقییەوە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو کۆمپانیایانە کە هەن لەگەڵ بارودۆخی ئێستا کوردستاندا دەگونجێن و دەتوانن وەکو کۆمپانیایەکی تەئمین قەرەبوو بدەنەوە؟، چونکە سەرمایەیەکی زۆری دەوێت.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، لەبەر ئەوەی کە سەرمایەیەکی زۆری دەوێت ئیشیان وەستاوە، جاران داهاتی کۆمپانیای تەئمین لە بەغدا بوو، داوا دەکەین کە بۆ ماوەیەکی کاتی بە وەزارەتی داراییەوە ببەسترێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من نابێت هەروەها وبێ بنەما کۆمپانیای تەئمین بە وەزارەتی داراییەوە ببەسترێتەوە، چونکە کۆمپانیاکانی تەمین ئیلتزاماتێکی زۆری دەکەوێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە هەر بەناو هەمانە (شركة عامة للحديد والخشب، المخازن العراقية) هەرچەندە ئەم کۆمپانیایە نەماوە تەنها ئەوە نەبێت کە فەرمانبەرەکانی مووچە وەردەگرن، ئەگەر بمانەوێت ئەم کۆمپانیایە دامەزرێنینەوە دەبێت سەر لە نوێ دەست پێبکەینەوە، ئەتوانن ئەو فەرمانبەرانەیان هەر لەسەر وەزعی خۆیان بمێننەوە تاوەکو چارەسەرییەکیان بۆ ئەدۆزینەوە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدا نییم کە کۆمپانیای تەئمین بە وەزارەتی داراییەوە ببەسترێتەوە، منیش لەگەڵ

ئەوەم کە کۆمپانیانی تەئمین ئەهلی بێت، بەڵام ئێمە لێرە کە ئەڵێین بە وەزارەتەوە ببەسترێنەوە، بۆ ئەوەی کە ئەنجوومەنی وەزیران کۆمپانیاکە ڕێکخات، سوپاس

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان کۆمپانیای تەئمین کۆمەڵێک فەرمانبەری هەیە و، ئیلتزاماتێکی زۆری لەسەرە، واتە ئەو ئیلتزاماتە بخەینە سەر حکومەتی کوردستان، بێگومان جێبەجێ کردنی زۆر زەحمەتە، ئەگەر تەنها بە یاسا هاتە خوارەوە ئەوە نایخەینە هیچ شتێکەوە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی دەکەم، لەبەر ئەوەی کە ئێستا ئیشکالێک هەیە بەنیسبەت ئەو کەسانەی کە مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیای تەئمین دەکەن، کاتێ کە دەچنە بەغدا ئیشەکانیان بۆ ناڕوێن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کۆمپانیای تەئمینی عێراقی تا ئیستا بە وەزارەتی تجارەی عێراقییەوە بەستراوەتەوە، نەوەک بە وەزارەت داراییەوە، بەڵام ئێمە بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی گشتیمان هەیە لە پێڕەوی ناوخۆدا دینێینیە خوارێ، واتە ئەگەر لە یاساکەش باس نەکرێت لە پێڕەوەکە هەر باس دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەبەر ئەوەی ئێمە وەزارەتی بازرگانیمان نییە، وابزانم کۆمپانیایش پێی دەوێ، ئەگەر ئەو (مدیریەی شرکاتە) لەوێ دابنرێ.

**بەڕێز لیوا کەمال مفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز کاک جەمیل وتی دەبێت دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەیەکەوە ببەسترێتەوە، بەڕێوەبەرایەتی دارایی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی داهاتی گشتیی، هەرچەندە دوو پسپۆڕی جیاوازن، باشە بۆ تێکەڵیان بکەین؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم (تفتیش المالیة) وەکو بەڕێوەبەرایەتییەک نەهاتووە کە پەیوەندیی بە یەکێکیانەوە هەبێت، ئەگەر لە پاشانیشدا بکرێت بە(مدیریة مالیة عامة) بە پێی نظامێک، واتە هیچ لاریمان نییە ئەگەر بکرێت بە (مدیریة الرقابة والتفتیش المالي).

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

المديريات العامة وتتكون من المديريات العامة الآتية:

١ـ مديرية المالية العامة : (أ، ب، ج، د ، هـ) مديرية الرقابة والتفتيش المالي، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم برگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکاتەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٢ـ مديرية الادارات العامة وترتبط بها : أ، ب، ج .

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە تەنیا (مدیریە الحاسبە) ڕەقابەی لەگەڵدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم برگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەدژە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٣ـ مديرية التجارة العامة : أ،ب، ج، مديرية تسجيل الشركات، د .

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم برگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. **کێ لەدژە؟ بە** زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مدیریە الدیوان العامە وترتبط بها: أ،ب،ج،د،ه. مدیریە التخطیط والتابعە.
بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن. بەڕاستی ئەو ڕوونکردنەوەیەی پێشکەش بە جەنابتم کرد سەبارەت بە مدیریە تخطیط ومتابعە) کە دەنگدانی لەسەر کرا دەڵێن: (وترتبط بالوزیر مباشرە): بەم شێوەیە دەنگدانی لەسەر کرا، بەڵام ئێستا دەڵێن گوایە هاتووتەوە دیوانی گشتی، ئەم زیادەیە ڕای لیژنەی پسپۆڕی بوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە هەموو حکومەتێکدا بەڕێوەبەرایەتی (التخطیط والرقابە) شتێکی زۆر گرنگە، زۆر لەوە گرنگترە کە بکرێت بەیەک بەڕێوەبرایەتی و بە دیوانێک ببەسترێتەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتێ گەیشتم پێشنیاری ئەوانە منیش تەئیدی ئەوانم کرد وامزانی کە بە دیوانەوە بەستراوە، لەبەر ئەوە پەسندم کرد، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مدیریه عامه (للتخطیط والمتابعه)بەدیوانەوە ببەسترێتەوە نەک بە بەڕێوەبەرایەتییەک،جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بە وەزیرەوە ببەسترێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە کێ لە دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

مديرية الديوان العامة وترتبط بها :

أ- مديرية الشؤون القانونية.

ب - مديرية الادارة وشؤون الافراد.

ج - مدرية التقاعد .

د - مديرية الحسابات والتدقيق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینییەکم هەیە منیش رام وایە کە ئەو مدیریەی تەقاعدە ببێتە (مديرية التقاعد العامة للاقليم وترتبط بها مدريات في محافظات الاقليم). واتە مدیریەتی تەقاعد لێرە لاببرێت و دەبێتە پێنجەم: (مديرية التقاعد الاقليم العامة وترتبط بها المديريات في محافظات الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە (مدیریەی تەقاعد) بکرێ بە (مدیریەعامە)؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بەڕێوەبەرایەتی دیوانی گشتی ئەو سێ بەڕێوەبەرایەتی بکرێت بەیەک؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

( ٥ ) مديرية تقاعد الاقليم العامة بۆ ئەوەی بزر بکرێ لە بەڕێوەبەرایەتی مەرکەز. (مديرية التقاعد للاقليم وترتبط بها مديريات التقاعد في محافظات الاقليم).

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش مدیریاتی عامە لە وەزارەتی مالیە(البنك المركزي)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

خانەنشینیزۆر زۆرە لە هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکان وکێشەشیان زۆرە لەبەر ئەوە گەر بچوکی بکەینەوە بەراستی ناتوانێ بە کاری خۆی هەڵسێ لەبەر ئەوە فکرەکە بووە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی، هەروەکو (التخطيط والمتابعه) لەبەر گرنگی، ئەنجا کێ لەگەڵ( مديريه عامه للتقاعد

فی الاقلیم)دایه با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

مديرية التخطيط والمتابعة العامة وترتبط مباشرة بالوزير.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم بڕگەیەدایە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الباب الثالث ـ احكام متفرقة.

المادة الرابعة: تحدد المؤهلات المطلوبة لشاغلي الوظائف من الفقرة السادسة من المادة الثالثة مع اختصاصاتها بنظام.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی ئەوە بوو ئەو بڕگەیە پێویست ناکات لە توێی یاساکەدا تێکەڵ بکرێت، پێویستە ئەمە هەڵبوەشێتەوە، چونکە لێرەدا ناشێت دانرێت، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان دەقی لیژنەی ئەوان و ئێمە هەتا دەربارەی ئەوەی کە دەنگدانمان لەسەر کردووە رای لیژنەمان بەو شێوەیە بوو (ورد خطأ في هذه المادة: الفقرة (٦) هو صح في الفقرة (٧) فقرة (٦) هي وظيفة مرتبة وكيل الوزير يعدان حامل شهادة اولية)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا ئەوەیە کە هەر ئەمە زیادەیە، یا مادەی چوار هەمووی زیادەیە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی چوار هەمووی زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٤) تحدد المؤهلات المطلوبة لمشاغل الوظائف الواردة ذكرها في الفقرة (٦) من المادة الثالثة مع اختصاصاتها بنظام، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مادەیە بۆیە زیادەیە، چونکە ئێمە مادەیەکی تایبەتی دێنینە خوارێ ودەسەلات دەدەینە وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادەی (٤) لە ئەحکامی متەفەرقە لابرێ؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٥) ترتبط ماليا وادريا الضريبة والكمارك وعقارات الدولة وجميع الشركات وجميع الدوائر الاخرى في الاقليم بهذه الوزارة.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە (٥) پێویست ناکات هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە(٥)لابرێت؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

مادة (٦) ترتبط جميع المصاريف ومكاتب شركات التأمين في الاقليم بهذه الوزارة فرع البنك المركزي في الاقليم. وتبقى انظمتها وتعليماتها الداخلية نافذه المفعول حاليا بشرط الا تتعارض واحكام هذا القانون والانظمة الصادرة بموجبه.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی یاسا وڕێنمایەکان کاری پێدەکەین، بۆیە پێویست ناکات بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بڕیارێکی پەرلەمانمان هەیە لەسەر یاساکان لەبەر ئەوە باس کردنی پێویست نییە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە لابرێ؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە (٧) ئەوەی لە پڕۆژەی وەزارەتدا هاتووە ئێمە مادە (٦)و (٧) مان خستووەتە سەری، دەمێنێتەوە سەر رای بەڕێزتان کە مادە (٧) هەڵبوەشێننەوە، ئەوەی کە لە پڕۆژەی وەزارەتدا هاتووە دەڵێ :(لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون) بەو شێوەیەی لێ دێت:

المادة (٦): ١: يحدد بنظام هيكل تشكيلات الوزارة واختصاصاتها.

٢- للوزير استحداث مديريات او دمج مديريات واقسام والشعب الجديده عند والاقتضاء.

که لێره (مدیرات) دادەنرێت پسپۆڕایەتی وەزیر ئەوەیە کە دەتوانێ بەڕێوەبەرایەتیەک بە سەربەخۆیی زیاد بکات و لە هەمان کاتدا دەتوانی بەشێک لە ناو بەڕێوەبەرایەتی بخاتەوە سەری، دەتوانێت لقێک لەناو بشێک زیاد بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکێ بتوانێ بەڕێوەبەرایەتییەک نوێبکاتەوە، دەشتوانێ (اقسام و شعب)یش بکاتەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای وەزارەتی دارایی وئابووریدا هاتووە کە چ بەڕێوەبەرایەتیەک پێویستە لێرەش بڕیارمان لەسەری دا، من بە پێویستی نازانم کە ئەو دەقەشی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم: (للوزیر استحداث تشکیلات، اية تشکیلات أخرى تقتضي بالحاجة بنظام)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(اية تشکیلات اخرى) واتە دەسەڵات دەدەینە بەڕێوەبەرایەتیەک کە زیاد بکات، دەسەڵات نادەین بە وەزارەت و لە پاشاندا بڵێین: (المديريات والاقسام والشعب)، ئەگەر نەشڵێین (مدیریات) واتە وا حساب دەکەین کە دەتوانین (اقسام وشعب) بکەینەوە، ناتوانین چونکە ئەگەر وا بڕۆین دەبێ بەڕێوەبەرایەتیەکی تەواو بگوازینەوە با تەشکیلی بەڕێوەبەرایەتیەکی تەواو بکات، بۆیە شتەکەی ئێمە بە جوانی هاتووە: (استحداث ودمج المديريات والشعب)، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە وشەی (جديدة) لابەن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

للوزير استحداث ودمج المديريات والاقسام والشعب عند الاقتضاء.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە با دەست بەرزکاتەوە؟ ..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٨) على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز جــێگری ســەرۆکی ئەنجــوومــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە(٨) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجــیــد:**

المادة (٩) ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز جــێگری ســەرۆکی ئەنجــوومــەن:**

کێ لەگەڵ مادە(٩)دایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە یاسایی وەزارەتی دارایی وئابووری وەکو خۆی بڕیاری لەسەر بدرێ؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ یاسایی وەزارەتی دارایی وئابووری پەسەند کرا.

بەم شێوەیەش کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەک.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووریی
# هەرێمی کوردستانی عێراق

**مادەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ خواستەکانی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری دارایی وئابووری هەرێم.

٤- بریکار: بریکاری وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێم.

٥- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی راوێژکاری وەزارەتی دارایی وئابووریی هەرێم.

**ماددەی دووەم:**

ئامانجی وەزارەت دانانی بنچینە گشتی یەکانی بەڕێوەبردن ورێکخستنی سەرچاوەکانی دارایی وئابووری یەو چاودێری کردنی ساغڵەمیی هەڵسووڕاندنیان وبەدیهێنانی بەکارخستنیان بەباشترین شێوەودانانی مووچەی گشتیی هەرێم وجێبەجێ کردنی درێژەی پرۆگرامەکانی بازرگانی دەرەوە وناوەوە پشتگیری کردنی کەل وپەلە بنچینەیی یەکانی کۆمەڵگاو رێکخستنی کەرتی تایبەتی وتێکەڵاو بۆ هاندانی«مدخرات»ی نیشتمانی و«استثمار»ی بیانی ولە چوارچێوەی سیاسەتی دارایی وئابووری ونەخشەکانی گەشەپێدانی هەرێمدا.

**مادەی سێیەم:**

مەڵبەندی وەزارەت لەمانە پێک دێ:

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسیارە لە رێنوێنی کردنیدا لەکارەکانیدا وسەرپەرشتی وچاودێری کردنی چالاکییەکانی ولەویشەوە ئەو بڕیارو فەرمان ورێنمایی یانە وهەرشتێک پەیوەندیی بە ئەرکەکانی وەزارەت و دام ودەزگاکانی وگشت کاروبارە ئیداری و دارایی ورێک وپێکی یەوە هەیە دەردەچن لەچوارچێوەی یاساو پێڕەوو رێنمایی یەکار پێکراوەکاندا ولەبەرامبەر ئەنجوومەنی وەزیراندا بەو سیفەتەی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەرپرسیارە وبۆی هەیە هەندێ لەدەسەڵاتەکانی بەبریکار یا

بەڕێوەبەرە گشتی یەکان یا هەر یەکێ کە پەسندی بکا بسپێرێ.

دووەم: نووسینگەی وەزیر: مووچە خۆرێک بەپلەی بەڕێوەبەر لەکارمەندان و لێهاتووان سەرۆکایەتیی دەکا وئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کەوەزیر پێ یانی دەسپێرێ بەرپرسیار دەبێت لە ڕێکخستن وپاراستنی دەفتەروئەوراقە تایبەتی یەکانی وەزیر وچەند مووچەخۆرێکیش یاریدەی دەدەن.

سێیەم: لقی بانکی ناوەندی لەهەرێمدا: ڕاستەوخۆ بە وەزیرەوە دەبەسترێتەوە وسیاسەتی دراوو(صیرفە) دادەنێ وسەرپەرشتی و چاودێریی بانقەکانی ناو هەرێم ونووسینگەی کۆمپانیاکانی دابینکردن«تأمین» لەڕووی هونەری وئیدارییەوە دەکا ومووچەخۆرێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا.

چوارەم: بریکاری وەزارەت: ئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کە وەزیر پێ یانی دەسپێرێ.

پێنجەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: مووچەخۆرێک بە پلەی بەڕێوەبەر لەکارمەندان ولێهاتووان سەرۆکایەتیی دەکا وئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کە بریکار پێیانی دەسپێرێ.

شەشەم: کۆمپیوتەر: مووچەخۆرێک بەپلەی بەڕێوەبەر لەو لێهاتووان سەرۆکایەتیی دەکا و ڕاستەوخۆ بە بریکاری وەزارەتەوە دەبەسترێتەوە.

حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی بازاڕەکان: فەرمانبەرێکی بەتواناو لێهاتوو بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و ڕاستەوخۆ بەبریکاری وەزارەت دەبەسترێتەوە.

هەشتەم: ئەنجوومەن:

أ- ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری لە وەزارەتدا بەسەرۆکایەتی وەزیر پێکدێ وئەمانەش ئەندامی دەبن:

١- بریکاری وەزارەت ئەندام

٢- بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت ئەندام

٣- بەڕێوەبەری لقی بانقی ناوەندی هەرێم ئەندام

٤- هەر کارمەند وپسپۆڕێک لەناو وەزارەت و دەرەوەی دا کە وەزیر دەیەوێ بەشێوەیەکی هەمیشەیی یا کاتی سوودیان لێ ببینرێ ئەندام.

ب- ئەنجوومەن لە نەخشەی گشتیی وەزارەتدا دەکۆڵێتەوە وبڕیاری لەسەر دەداو بەدوای جێبەجێ کردنیدا دەچێ وپێشنیازی سیاسەتی دارایی وەزارەت دەکا

ولەو راپۆرتە دەوری یانە دەکۆڵێتەوە کە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی نەخشەدانان وبەدواداچوون سەبارەت بەوەزارەت ئامادەی دەکا و لەوکۆسپانە دەکۆڵێتەوە کە ڕێگە بەکارەکانی وەزارەت دەگرن وچارەسەری عەمەلی یان بۆ دادەنێ ولەو پرۆژەی یاساو پێڕەو ورێنمایی یانەش دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندی یان بەکارەکانی وەزارەتەوە هەیە وهەروەها بیروڕای سەبارەت بەهەر کێشەیەک دەردەبڕێ کە وەزیر دەیخاتە بەردەمی.

نۆیەم: بەڕێوەبەرێتی یەگشتییەکان: بەڕێوەبەرێتی گشتییەکان ئەمانەن:

١ – بەڕێوەبەرێتی گشتیی دارایی کەئەمانەی پێوە دەبەسترێتەوە:

أ- بەڕێوەبەرێتیی مووچە.

ب- بەڕێوەبەرێتیی ژمێریاری.

ج- بەڕێوەبەرێتیی میلاک وخزمەت.

د- بەڕێوەبەرێتیی مەسرەف وکاروباری دارایی.

هـ- بەڕێوەبەرێتیی چاودێری وپشکنینی دارایی.

٢ -بەڕێوەبەرێتیی گشتیی دەسکەوت کە ئەمانەی پێوە دەبەسترێتەوە:

أ – بەڕێوەبەرێتیی باج.

ب- بەڕێوەبەرێتیی گومرگ.

ج – بەڕێوەبەرێتیی موڵک.

د – بەڕێوەبەرێتیی گشتیی بازرگانی کە ئەمانەی پێوە دەبەسترێتەوە:

أ – بەڕێوەبەرێتیی بازرگانیی ناوخۆ.

ب- بەڕێوەبەرێتیی بازرگانی دەرەوە.

ج- بەڕێوەبەرێتیی تۆمار کردنی کۆمپانیا.

د – بەڕێوەبەرێتیی چاودێری کردنی بازاڕ.

٤- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی دیوان کە ئەمانەی پێوە دەبەسترێتەوە:

أ – بەڕێوەبەرێتیی کاروباری یاسایی.

ب- بەڕێوەبەرێتیی ئیدارەو کاروباری کەسان.

ج- بەڕێوەبەرێتیی ژمێریاری وپێداچوونەوە.

٥- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی خانەنشینیی هەرێم کەبەڕێوەبەرێتی یەکانی خانەنشینی پارێزگاکانی هەرێمی پێوە دەبەسترێتەوە.

٦- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی نەخشەدانان وبەدواداچوون.

**مادەی چوارەم:**

یەکەم: ئەرک وتایبەتکاریەکانی دامودەزگاکانی وەزارەت بەپێڕەوێک دیاری دەکرێ.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەپێی پێویست بەڕێوەبەرێتی وبەش ولقی نوێ پێکبێنێ، یا بیانخاتە پاڵ یەکتر.

**مادەی پێنجەم:**

دەبێ وەزیرە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**مادەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەیەوە لەڕۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## «هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە»

لەبەر ئەوەی بنیادی ژێرەوەی ئابووریی کوردستانی عێراق وێران کراوەو میکانیزمی بەرهەمهێنان تیایدا لە لایەن رژێمەیەک لەدوای یەکەکانەوە کە دواییینیان رژێمی ئێستایە تێک شکێنراوە و بەمەبەستی بنیاتنانەوەی ئابووری کوردستان وگەشەپێکردنی وڕێکخستنی پارەوپوولی هەرێم وچاودێری کردنی ساغڵەمیی هەڵسوراندنی وبەدیهێنانی باشترین شێوە بۆ بەکارخستنی ولەبەرپێکهێنانی یەکەمین وەزارەت بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق دوای ئەو تاقیکردنەوە دیموکراتییەی گەلی کوردستانی عێراق سەرکەوتووانە سازی داو لە دایکبوونی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەگەرمەی کارەسات وگۆڕانکاریدا ولەبەر دامەزراندنی وەزارەتێک بەناوی وەزارەتی دارایی وئابووری یەوە، ئەم یاسایە دەرکرا.